# ڕکوودی سیاسی

ڕزگار ئەمین نژاد

بۆ زیاتر شیکردنەوەی چەمکی ڕکوود هەوڵ دەدەم سەرەتا شرۆڤەیەکی کورت و سادە بۆ تێرمێنۆلۆژیی ڕکوودی ئابووری بکەم و دواتر لەباری چەمکناسییەوە پێناسەی ڕکوودی سیاسی بکەم، هەڵبەت لەم وتارەدا زیاتر زووم لەسەر بزاڤ یا حیزبی سیاسی دەکرێت. لە بەشی دووهەمی ئەم وتارەدا باس لە کۆنتێکستەکانی هاتنەئارای ڕکوود و هەروەها هۆکارەکانی ڕکوودی سیاسی دەکەم، دواتر هەوڵی چارەسەریی ڕکوودی سیاسی دەخەینە بەر باس و لە کۆتاییدا دواوتەیەکی کورت پێشکەش دەکرێت.

## پێشەکی

وەک پێشەکی ئەم قسەیەی کارل مارکس بیر دەهێنمەوە کە دەیگوت: هەر سەردەمێک کۆمەڵێ پرس لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت کە توانای چارەسەرکردنی بۆیان هەبێت. هەڵبەت سەردەم یاخۆ دەوران لە ڕوانگەی مارکسەوە دیاردەیەکی میکانیکییە کە دەکرێ لە کۆنتێکستی ماتریالیزمی دیالێکتیکیدا لێی تێ بگەین، بەڵام هاوتەریبب بوونی "پرس" و "سەردەم"، جیاواز لە بۆچوونی ماتریالیزمیانەی مارکس، بابەتێکی ئیمپێریکە و ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەردەوام تاقییان دەکەینەوە. بۆ نموونە کاتێ باس لە پرسی ژینگە دەکەین، لە ڕاستیدا باس لە گرفتێک دەکەین کە پەیوەندیی بە ئێستامانەوە هەیە و لە ڕێگای کولتوورسازی، دامەزراندنی دەزگا و ڕێکخراوەی ژینگەپارێز و هەروەها هوشیاریی مەدەنییەوە، هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە دەدەین. ئەگەر ژینگە گرفتی ئەمرۆ نەبێ، بە دڵنیاییەوە ئامێر و ئیرادەی جیددیش بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ژینگە لە ئارادا نابێت. ئەم نموونەیەی باسی لێ کرا لە خۆیدا ئاماژەیەکیشە بۆ پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لەمەڕ دیاردەی "پرس" و "سەردەم"، بەڵام لەم میانەیەدا "چارەسەری" وەک پارامێتریکی گرنگ دێتە ئاراوە کە پێویستە سەرنجی تایبەتی پێ بدەین. ئەگەر دیاردەی پرس و سەردەم دوو دیاردەی عەینی بن، ئەوا چارەسەری دیاردەیەکی زەینی و نۆرماتیڤە. بە واتایەکی دی، پرس و سەردەم دوو دیاردەن کە ئێمە لەگەڵیان دەژین، دەیانبینین، دەرکیان دەکەین و تەنانەت تا ڕادەیەکیش ئاگاییمان لەسەر هۆکاری سەرهەڵدانیان هەیە، بەڵام بۆ دیتنەوەی چارەسەری ئێمە پەنا بۆ شێوازی جیاواز دەبەین و هەر کەس یاخۆ لایەنێک بە پێی ڕوانگەی خۆی و بە پێی توانایی خۆی بەدوای چارەسەریدا دەگەڕێن.

ڕکوودی سیاسی[1] یەکێکە لەو پرسە گرنگانەیە کە زەمەنمەندە و لە سەردەمێکی دیاریکراودا خۆی دەردەخات. هەڵبەت دیاردەی ڕکوود هەمیشە بە دوای دەورانی گەشە و زیندووییدا دەردەکەوێت و لە زۆر بواری جیاوازدا ئاماژەی پێ کراوە، بۆ نموونە لە سایکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسەت و هتد. لە سایکۆلۆژیی کۆمەڵایەتیدا ڕکوود وەک خەمۆکی یاخۆ دۆخێکی ئانۆرمال پێناسە دەکرێت کە ڕەنگە پەیوەندیی بەم بابەتەوە نەبێ، بەڵام لە بواری ئابووری و سیاسیدا "ڕکوود" بە مانای ڕاوەستان یاخۆ مەندی هاتووە، هەڵبەت لە زمانی کوردییشدا زۆرجار سوود لە وشەی "کەساسی" وەرگیراوە. کاتێ لە باری ئاماژەناسی و تێرمینۆلۆژییەوە سەیری چەمکی ڕکوودی سیاسی بکەین، دەبینین کە وێکچوونێکی زۆر هەیە لە ماناکردنی ئەم دوو دیاردەیەدا. بۆ زیاتر شیکردنەوەی چەمکی ڕکوود هەوڵ دەدەم سەرەتا شرۆڤەیەکی کورت و سادە بۆ تێرمێنۆلۆژیی ڕکوودی ئابووری بکەم و دواتر لەباری چەمکناسییەوە پێناسەی ڕکوودی سیاسی بکەم، هەڵبەت لەم وتارەدا زیاتر زووم لەسەر بزاڤ یا حیزبی سیاسی دەکرێت. لە بەشی دووهەمی ئەم وتارەدا باس لە کۆنتێکستەکانی هاتنەئارای ڕکوود و هەروەها هۆکارەکانی ڕکوودی سیاسی دەکەم، دواتر هەوڵی چارەسەریی ڕکوودی سیاسی دەخەینە بەر باس و لە کۆتاییدا دواوتەیەکی کورت پێشکەش دەکرێت.

## تێرمینۆلۆژیی ڕکوود

کاتێ لە زانستی ئابووریدا باس لە ڕکوود

دەکرێت، مەبەست لە تەعامولی نێوان بەرهەمی ئابووری و بازاڕی ئابوورییە. ڕکوودی ئابووری بە زمانێکی سادە باس لە دۆخێکی ئابووری دەکات کە بەهۆی زێدەبەرهەمهێنانی کارخانەکانەوە دێتە ئاراوە، واتە کارخانەکان کاڵایەکی زۆر بەرهەم دێنن لە کاتێکدا بازاڕ لەگەڵ کەمبوونی مشتەریدا بەرەوڕووە. لە وەها دۆخێکدا کۆمەڵێ دیاردەی وەک وەستانی بەرهەمهێنان، داخرانی کارگە و کارخانەکان و هەروەها دیاردەی بێکاری بەدوایدا دێت کە دواتر کاریگەریی لەسەر ئابووریی وڵات دەبێت. ئەم قۆناغە بە پێی بەراوردی ئابووریناسان، قۆناغێکی کاتییە کە لە چەند مانگ تێناپەڕێت و دواتر لە ڕێگای سیاسەتی ئابوورییەوە ڕێکار بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە دیاری دەکرێت کە یەک لەوانە زیادکردنی بودجە بۆ بووژاندنەوەی سیستەمی بەرهەمهێنان و نەهێشتنی بێکارییە.

سەبارەت بە ڕکوودی سیاسی ئێمە پێناسەیەکی تۆکمە یاخۆ چەمکێکی مێتۆدۆلۆژیک شک نابەین، هەر بۆیە کاتێ باس لە ڕکوودی سیاسی دەکرێت، ئاماژە بە دوو دیاردە دەکەن؛ یەکەمیان باس لە بێجووڵەیی سیستەمی سیاسی و ئەوەی دیکەش باس لە خەمساردیی هاوڵاتیان لە هەمبەر ژینگەی سیاسی و چارەنووسی وڵاتەکەیاندا دەکات. هەڵبەت کاری لێکۆڵەرێکی سیاسی، گەڕان بەدوای ئەو هۆکارانەیە کە دەبێتە هۆی پاسیڤبوون و خەمساردیی ئەندامانی کۆمەڵگا و هەروەها بەدوای وڵامی ئەم پرسیارەدا دەگەڕێت کە بۆچی خەڵک لە حاند گۆڕانکارییە سیاسییەکان و سیستەمی دەسەڵاتدا چاو دەنووقێنن. ئەمەی کە ئاماژەی پێ کرا ڕوانگەی "کۆمەڵگا- تەوەر" بوو، بەڵام ڕوانگەیەکی دیکە لەمەر ڕکوودی سیاسی لە ئارادایە کە پەیوەندیی بە "دامەزراوەی سیاسی"یەوە هەیە، واتە ئەو بەستێنەی تەعامولی نێوان تیۆر و کردەوەی سیاسیی تێدا دیاری دەکرێت و بە شێوەیەکی کلاسیک حکوومەت، بزووتنەوە، حیزب یاخۆ کلۆبە ڕۆشنبیرییەکان لەخۆی دەگرێت. کاتێ باس لە تیۆر دەکەین مەبەستمان لە ئەندێشەی سیاسییە کە لەو دامەزراوانەدا بە شێوەیەکی ئازاد، لەسەر بنەمای ڕەخنە و نرخاندن پەسند دەکرێن و وەک ئەجندای سیاسی پێشکەس دەکرێت. مەبەست لە کردەوەی سیاسییش تێگەیاندن و پەروەردەکردنی کادر و ئەندامی حیزبییە کە لە چوارچێوەی بەرنامەی سیاسیی حیزبەکەیدا، بۆ بردنەپێشی سیاسەتەکانی حیزبەکەی چالاکیی سالم و شەفاف دەکات. یەکێ لە مەرجەکانی کردەوەی سیاسی ئەوەیە کە ئەندام و کادیرانی ئەو حیزبە لەسەر بەرنامە سیاسییە پەسندکراوەکانی حیزبەکەی ساغ بووبێتنەوە و لەنێوان ئەندێشە و کردەوەی سیاسییاندا هەست بە ناکۆکی نەکەن (Rokkan ۱۹۷۰).

بەگشتی ڕکوودی سیاسی لەباری فێمێنۆلۆژییەوە وێکچوونی لەگەڵ ڕکوودی ئابووریدا هەیە، بەڵام لەباری کارتێکەرییەوە جیاوازن. کاردانەوەکانی ڕکوودی سیاسی وەک ڕکوودی ئابووری دیار و خێرا نین، واتە ئەگەر حیزبێکی سیاسی لە وڵاتێکدا تووشی ڕکوود بێت، سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەو وڵاتە زۆر درەنگتر و هێمنانەتر هەست بە کاردانەوەکانی ڕکوودی سیاسی دەکەن و لە زۆر حاڵەتدا ڕەنگە بەیسێکی سیاسی یاخۆ حیزبێکی دی بە ئەجندا و دروشمی نوێیەوە شانسی هێژمۆنی خۆی لە کۆمەڵگادا تاقی بکاتەوە.

## ئاماژەناسیی ڕکوودی سیاسی

زۆر سروشتییە کاتێ پێناسەی دیاردەیەک دەکەین، بە شێوەیەکی وێراییی باس لە نیشانەکانی ئەو دیاردەیەش بێتە ئاراوە.

لەم وتارە و لە کاتی پێناسەکردنی ڕکوودی سیاسیدا ئاماژەمان بە هێندێ لە نیشانەکانی ڕکوودیش کرد، بەڵام لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم زۆر بە کورتی باس لەو نیشانانە بکەم کە ڕکوودی سیاسی بەدوای خۆیدا دەهێنێ. پێشتر باس لە دوو زەمینەی جیاواز کرا کە ڕکوودی سیاسی تێیدا سەر هەڵدەدات. یەکەم؛ چۆنایەتیی مامەڵەکردنی کۆمەڵگا لەگەڵ دامەزراوە سیاسییەکان بوو، واتە خەمساردیی کۆمەڵ لەهەمبەر بڕیار و پەسەندنامە سیاسییەکان. دووهەم؛ ڕکوودی سیاسی لە نێو دامەزراوەی سیاسیدایە، واتە ئەو شوێنەی تەعامول لە نێوان تیۆر و کردەوەی سیاسیدا ڕێک دەخرێت. سەرەتا باسێکی کورت لەمەڕ ئاماژەناسییەکانی زەمینەی کۆمەڵایەتی دەکەم و دواتر دەچمە سەر پرسی ڕکوود لە دامەزراوە سیاسییەکاندا.

## ۱ زەمینە کۆمەڵایەتییەکانی ڕکوود

لە پەیوەندی بە کاردانەوەی ڕکوود و چۆنایەتیی ڕکوودی سیاسی لە ئاستی کۆمەڵگادا، تیۆر و بابەتی زۆر هەیە کە لەم وتارە کورتەدا ناپەرژێینە سەر گشتیان. بۆ ئەوەی خۆ لە ئاڵۆزیی بەحسێکی ئینتزاعی ڕزگار بکەین، هەوڵ دەدەم باس لە مەجالەکانی دەرکەوتنی ڕکوودی سیاسی لە دوو کۆنتێکستی جیاواز و دوو مۆدێلی کۆمەڵایەتیی جیاوازدا بخەمە بەر باس کە لەم وتارەدا من بە "کۆمەڵگای ئەوتۆریتی" و "کۆمەڵگەی ڕیفلێکسیڤیتی" پێناسەیان دەکەم. کۆمەڵگەی ئەوتۆریتی کۆمەڵگایەکی میکانیکییە کە ڕەوتی پەروەردە چ لە ئاستی میکرۆ (واتە دامەزراوەی بنەماڵە کە تایبەتمەندیی باوکسالارانەی هەیە) و چ لە ئاستی ماکرۆدا (واتە پەروەردەی نیشتمانی کە تایبەتمەندیی دیسپۆتیزمی هەیە) لەسەر بنەمای ئەوتۆریتی بنیات نراوە. کۆمەڵگای ڕیفلێکسیڤ کۆمەڵگایەکی ئۆرگانیکییە کە ئازادیی تاک و مافی هەڵبژاردنی تاک دەستەبەر دەکات. بەراوردکردنی ئەم دوو کۆمەڵگایە لە ڕاستیدا بە مانای هەڵسەنگاندنی کەیفییەتی ئەم کۆمەڵگایانە نییە، بەڵکوو مەبەستمان ئەوەیە ئەگەری ڕکوودی سیاسی بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە هەردوو کۆمەڵگادا هەیە و هەوڵ دەدەین لە میکانیزمەکانی ڕکوود لەم دوو کۆنتێکستە جیاوازەدا تێبگەین.

### ۱-۱ کۆمەڵگای ئەوتۆریتی

ئەدۆرنۆ و هورکهایمێر (۱۹۴۷) لە ڕوانگەی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و بە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەوە تیشک دەخەنە سەر کۆمەڵگای ئەوتۆریتی و سیستەمی هێژمۆنیکی دەسەڵات و کۆمەڵ، هەروەها کارتێکەریی ئەو سیستەمە لەسەر دامەزراوەکانی وەک بنەماڵە، قوتابخانە و هتدیان شرۆڤە کردووە. هەڵبەت لەم میانەیەدا ستروکتۆری سیستەمی پەروەردە و فێرکردن وەک میکانیزمێک، ڕۆڵی تایبەتی هەیە لە ڕاڤەکردنی پەیوەندیی نێوان تاک و دەسەڵاتی سیاسی. بە پێی بۆچوونی تایپۆلۆژیکانەی ئەدۆرنۆ و هورکهایمێر، مرۆڤی پەروەردەی کۆمەڵگای ئەوتۆریتی؛ کاراکتێرێکی هاوشێوە و یەکسانیان هەیە کە هەوڵ دەدەن خۆیان لەگەڵ بارودۆخەکاندا بگونجێنن و بەشێوەیەکی ڕەمەکی دەگەڵ ڕەوتەکان دەکەون. یەکێکی دیکە لە کاراکتێرەکانیان ئەوەیە کە زۆر خۆپارێزن و لەژێر سێبەری دەسەڵاتدا هەوڵ بۆ پاراستنی نۆرم و نەریتە هەنووکەییەکانی کۆمەڵ دەدەن. ئەم کاراکتێرانە باس لە ترس و نیگەرانییەک دەکەن کە لە کەسایەتیی ئەواندا دامەزراوە و ئێمە لە کاتی هەڵوێستەکردنی تاکی ئەوتۆریتاریاندا بەروونی دەیانبینین. کاتێ لەم وتارەدا باس لە "ترسی دامەزرێنەکراو" دەکرێت

لە ڕاستیدا مەبەست لە ستروکتۆرێکی زەینییە بۆ کۆنترۆڵکردن. لێرەوە هەوڵ دەدەم دیاردەی ترسی دامەزراوەکراو و دەرکەوتەکانی بەسەر سێ قۆناغی جیاوازدا پۆلێن بکەم:

١. ترسی دامەزرێنەکراو و پاساوی عەقڵانی: لەوەها دۆخێکدا مرۆڤی کۆمەڵگەی ئەوتۆریتی کارامەیی خۆیان لە بن سێبەری دەسەڵاتدا دەشارنەوە. بە واتایەکی دی هەوڵ دەدەن دەسەڵات بەرادەیەک گەورە و بەهێز پیشان بدەن کە پاساو بۆ بێهەڵوێستیی خۆیان بێنێتەوە و لە ئەنجامدا خۆیان لە ژێر قورساییی ویژدانی کۆمەڵایەتیدا ڕزگار بکەن (Adorno & Horkheimer ١٩٤٧). بۆ نموونە هێندێک لەو پاساوانەی بەردەوام لە زاری تاکی ئەوتۆریتاریانەوە دەبیسترێ ئەمانەن: "ئەو هەمووە هەوڵە درا چی بە چی کرا؟ لەم دەسەڵاتەدا هیچ ناگۆڕدرێ! کێ گوێ بە داوای خەڵک دەدا؟ و ..."

٢. ترسی دامەزرێنەکراو و خۆرێخەری: ترسی دامەزرێنەکراو لەم قۆناغەدا زۆر خۆپارێزانەیە و خۆی لە کەیفییەتی هەڵوێستەکردنی تاکی ئەوتۆریتاریاندا پێشان دەدات. واتە کاتێ تاکی ئەوتۆریتاریان بەتەمایە نارازیبوونی خۆی دەرببڕێت یاخۆ داواکارییەکی هەبێ، بە دوای سەلماندنی خاڵە هاوبەشەکان یاخۆ نۆرمە هاوبەشەکانی نێوان خۆی و دەسەڵاتدایە بەڵکوو شەرعییەت بە نارازیبوون یاخۆ داواکەی خۆی بدات. تاکی ئەوتۆریتاریان تەنانەت توانای خۆ سەپاندن یا سەلماندنی خۆی وەک ناسنامەیەکی جیاوازی نییە، بەڵکوو هەوڵ دەدات خۆی وەک پاژێکی لاواز لەنێو چارەنووسێکی گشتیدا پێناسە بکات (ibid). بۆ نموونە کاتێ منداڵ داواکارییەکی لە باوکی هەیە، هەوڵ دەدات خێر و شەڕی داواکەی خۆی و تووڕەبوونی باوکی هەڵسەنگێنێت. لەوەها دۆخێکدا دەبێ یا چاوپۆشی لە داواکارییەکەی بکات یاخۆ بە چەشنێک هەڵسوکەوت بکات کە نەبێتە هۆی تووڕەبوونی باوکی.

٣. ترسی دامەزرێنەکراو و قارەمانپەروەری: لە کۆمەڵگای ئەوتۆریتیدا تاک، تەناهی و بەرژەوەندیی خۆی لە پشت کەسایەتییەکی بەهێز یاخۆ قارەمانێکدا دەبینێتەوە. کاتێ کەسایەتییەکی بەهێز هەڵوێستە دەکات، بە سەدان هەزار تاکی ئەوتۆریتاریان لە پشت سەریەوە دێنە مەیدان. بەڵام کاتێ قارەمان یاخۆ کەسایەتیی بەهێز لە مەیداندا نەما، مەیدانەکەش لەگەڵ نەمانی ئەودا چۆڵ دەبێت. هەڵبەت ئەگەر لە هێندێ هەلومەرجدا قارەمان لە ئارادا نەبوو، هەوڵ دەدەن بوونی خۆیان بە کۆمەڵێ ڕووداوەوە بەرجەستە بکەنەوە کە لای دەسەڵاتی سیاسی بقە نەبێت (ibid). بۆ نموونە پشتیوانیکردن یاخۆ خۆخەریککردن بە هێندێ ڕووداوی لاوەکی و ئاژاوانە کە لە وڵاتانی دەوروبەریان ڕوودەدەن.

باسکردن لە ڕکوودی سیاسی یاخۆ چالاکیی سیاسی لە کۆمەڵگای ئەتۆریتیدا لەڕاستیدا وەهمییە، چونکە هیچ شەفافییەت یاخۆ کاری مەیدانییەک لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی ئامارێکی باوەڕپێکراو لەمەڕ بەشداریی سیاسی خەڵک بەدەستەوە بدات و لە ئەنجامدا حوکم لەسەر چالاکبوون یاخۆ ڕکوود بدەین. چونکە بەپێی ئەو پێناسە تایپۆلۆژیکەی پێشتر ئاماژەی پێ درا، ئێمە نازانین هێڵ و ئەجندای سیاسی لە وەها کۆمەڵگایەکدا چۆن پراکتیزە دەکرێت، چونکە بە هۆی دۆخی سایکۆلۆژیی کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگایانە، تەما و ئارەزووە سیاسییەکانی گەل هەمیشە بە نهێنی دەمێننەوە و تەنیا لە دۆخێکی تایبەتدا خۆیان دەردەخەن. یەکێک

له هۆكارەكان ڕەنگە بەڕێوەبەرایەتیی ناكارامەی سیاسی بێت كە بۆ بەرهەمهێنانەوەی هێژمۆنی دەسەڵات، واتە هەرەمی كردنی بڕیاری سیاسی لە سەرەوە بۆ ئاستەكانی خوارەوە، هەوڵ دەدات. ئەم چەشنە بەڕێوەبەرایەتییە نە خاوەن ئیرادەی سیاسییە و نە گوێ بە ئیرادە و دەنگی گەل دەدات. بەڵام ئەگەر ئێمە خەمساردی وەک نیشانەی ڕكوودی سیاسی لەبەرچاو بگرین ئەوا ناچارین پشت بەو تیۆرانە ببەستین كە لە سایكۆلۆژیی كۆمەڵایەتیدا ڕەهەندەكانی كۆمەڵگای ئەوتۆریتیی پێ شرۆڤە دەكەن. هەڵبەت لە زۆر حاڵەتدا تەنانەت دامەزراوە سیاسییەكان ڕۆڵی بەرچاویان لە بەرهەمهێنانەوەی ئەم دۆخە چەقبەستوویەدا هەیە، چونكە دروشم و ئەجندای سیاسیی بەشێک لە دامەزراوە سیاسییەكان لە كۆمەڵگای ئەوتۆریتیدا بەپێی سایكۆلۆژیی ئەو كۆمەڵگایە دادەڕێژرێن و كاریان پێ دەكرێت. لە وەها كۆمەڵگایەكدا چەمكی قارەمان هەمیشە بەرجەستە دەكرێتەوە، چاوپۆشی لە پۆلۆرالیزمی كولتوری و فرەناسنامەیی دەكرێت و هەروەها هەوڵ دەدەن كۆدەنگییەكی پاسیڤ بەسەر كۆمەڵگادا بسەپێنن كە تاک ناچاربێ بەردەوام بەدوای خاڵی هاوبەش لە نێوان خۆی و دەسەڵاتدا بگەڕێت بۆ بووژاندنەوەی ترسی دامەزرێنەكراو.

### ٢-١ كۆمەڵگای ڕێفلێكسیڤیتی

لێكەوتەكانی مۆدێرنیزم و ئەو دیاردەیەی ئانتۆنی گیدێنز (١٩٩٧) بە «دوایین-مۆدێرنیتی[٢]» ناوی دەبات، لە ژێر باندۆری گلۆبالیزم، گەشەی تەكنۆلۆژیا، گۆڕانكارییی كولتوری و كۆمەڵایەتیدایە كە ڕێخۆشكەر بوون بۆ دەرچوون لە كۆمەڵگای ئەوتۆریتی. هەڵبەت ڕوانگەی پۆست مۆدێرنانەی «ئولریک بەک» لەمەڕ دیاردەی كۆمەڵگای ڕیسكاوی[٣] و هەروەها ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی «زیگمۆند باومان» لەمەڕ ناكارامەیی و خەسارەكانی مۆدێرنیزم، ڕەهەندەكانی ئاڵۆزیی وەها كۆمەڵگایەک باشتر پیشان دەدەن و مەبەستی ئەم وتارە هەڵسەنگاندنی ئەرێنیی ئەو پارادایمانە نییە بەڵكوو شێوەی كاردانەوەی هەركام لەو كۆمەڵگایانە كە ئێمە بە هەڵە بە كۆمەڵگای نەریتی (واتە خراپەكە) و كۆمەڵگای مۆدێرن (واتە باشەكە) دەیناسین، دەخەینە بەر باس.
گیدێنز بۆ هەڵاواردنی كۆمەڵگای دوایین-مۆدێرنیتی لە كۆمەڵگای پێش-مۆدێرن، باس لە سێ ئیندێكس دەكات كە بریتین لە :

١. كەلێنی شوێن- كات، واتە مرۆڤ وەک سەردەمی پێش-مۆدێرن دەرووستی كات و شوێن نەماوە
٢. دابڕان لە ئاخێزگە؛ واتە دابڕانی تاكی سێنمۆدێرن لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی و هەروەها دەرباز بوون لە قۆرغ و چوارچێوە لۆكاڵییەكان كە لە ئەنجامدا خۆی لە خانەی جیهانیبووندا دەبینێتەوە.
٣. ڕێفلێكسیڤیتی.

هەوڵ دەدەم سەرنجی ئەم وتارە زیاتر لە سەر چەمكی ڕێفلێكسیڤیتی چڕ بكەمەوە چونكە خاڵی یەكەم و دووهەم بە شێوەیەكی ڕێژەیی لە كۆمەڵگای پێش-مۆدێرندا هەن و بە بۆچوونی بەشێک لە ڕەخنەگرانی گیدێنز ئەو دوو دیاردەیە دەرەنجامی گولۆبالیزمی ئابوورین و سروشتییە كە ناتوانن ئیندێكسێكی پایەدار بن بۆ پێناسەكردنی داویین-مۆدێرنیتی. بەگشتی ئەم سێ چەمكە كە گیدێنز وەک سێ فاكتۆری گرنگ بۆ شرۆڤەی هۆكاری خێرایی و سەقامگرتوویی كۆمەڵگای دوایین-مۆدێرنیتی ناوزەدیان دەكات، لە هەناوی خۆیدا باس لە ترسێكی

دامەزرێنەکراویش دەکەن کە لەباری ئانتۆلۆژییەوە لەگەڵ ترسی دامەزرێنەکراو لە کۆمەڵگای ئەوتۆریتی دا جیاوازیی هەیە. ڕیفلێکسیڤیتی یەکێکە لەو چەمکانەی گیدێنز لە تیۆرەکانی خۆی لەمەڕ مۆدێرنیزم بەکاری هێناوە. لە ڕاستیدا مەبەست لە ڕیفلێکسیڤیتی ئەوەیە کە مرۆڤی سەردەم چیدیکە پێداگر نەماوە بەڵکوو بە بەردەوامی خەریکی پێداچوونەوە و دیسان خوێندنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانە. واتە تاکی سەردەمی دوایین-مۆدێرنیتی بەهۆی خێراییی زانیاری، ئازادیی ڕادەربڕین، مافی هەڵبژاردن و فرەئەلتەرناتیڤی، بەردەوام خەریکی گەشەدان بە تێگەیشتنی خۆی لەمەڕ کردەوە کۆمەڵایەتییەکان، هزر و هەروەها داوەریکردنی سەردەمی خۆی و پێش خۆیەتی. ئەم پێداچوونەوەیە ئاستی تاک، ئاستی پێکهاتەکان و هەروەها ئاستی تەعامولی نێوان تاک و پێکهاتەکانیش دەگرێتەوە. لە وەها دۆخێکدا پرسی متمانە، ترس و تەناهی، خۆی لە فۆرمێکی دیکەدا پێناسە دەکاتەوە و چیدی ئەم پرسانە بە نەریت، ئایین یاخۆ ئایدیالۆژییەوە پێناسە ناکرێن. بۆ نموونە پرسی "متمانە" بە پێی دەروەستبوونی تاک لە هەمبەر بەرپرسایەتیی مەدەنی یاخۆ پابەندبوونی پێکهاتەکان لە حاند کەرامەتی ئەندامەکانیانەوە مەزندە دەکرێت و، لەبری ترس باس لە "ڕیسک" دەکرێت (Gyddens ۱۹۹۷). لە وەها کۆمەڵگایەکدا پرسی ڕیسک و متمانە بەردەوام لە حاڵی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندندایە، ئەوەی ئەمڕۆ متمانەی پێ دەکەین، دەشێ سبەینێ جێی متمانە نەمێنێت و ببێت بە ڕیسکێکی گەورە، چونکە بنەماکانی پێناسەکردنی متمانە لای ئێمەیە و ئێمە مافی ئەوەمان هەیە پێداچوونەوە بۆ بنەماکانی متمانە بکەین. ئەوەی لەم میانەیەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە لەم قۆناغەدا ترسی دامەزرێنەکراو لە چوارچێوەی چەمکی "کۆمەڵگای ڕیسک"دا پێناسە دەکرێتەوە (Beck ۱۹۹۹). تاکی مۆدێرن بەردەوام لەگەڵ دیاردەی ڕیسک کردن لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چالاکدایە، چونکە خێراییی گۆڕانکارییەکان وا لە تاکی سەردەمی دوایین-مۆدێرنیتی دەکات کە ژیانی خۆی لەسەر بنەمای ڕیسک کردن دابڕێژێت.

لە پەیوەندی بەم وتارە، ڕکوودی سیاسی لە وەها کۆمەڵگایەکدا دیاردەیەکی وەهمی نییە بەڵکوو ئاماری و عەینییە. کاتێ باس لە ڕکوود دێتە ئاراوە لە ڕاستیدا باس لە ڕادەی بەشداربوونی شارومەندان لە پرۆسەی سیاسیدا دەکرێت و دەنگدان یەکێکە لە بگۆڕ(موتەغەییەر)ەکانی[۴]. هەڵبەت پرسی خەمساردی یاخۆ بەشداریکردنی شارومەندان لە پرۆسەی سیاسیدا دەکرێ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە "متمانە" و "ڕیسک"یشەوە هەبێت. لە وەها دۆخێکدا کاتێ باس لە خەمساردی دەکەین لە ڕاستیدا مەبەستمان "خەمساردیی مەدەنییە" کە گۆفمەن (۱۹۷۴) لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا شرۆڤە و پێناسەی کردووە. خەمساردیی مەدەنی بە پێی بۆچوونی گۆفمەن پەیوەندییەکی چڕوپڕی بە متمانەسازییەوە هەیە، بۆ نموونە شارۆمەندی کۆمەڵگای مەدەنی لەهەمبەر گشت ڕووداوەکانی دەورووبەری خۆی بە بەرپرسیار نازانێ، چونکە متمانەی بە سیستەم هەیە و دڵنیاشە سیستەم - ئەگەر کەموکوڕیشی هەبێ - کاری خۆی دەکات.

سەبارەت بە کەمبوون یاخۆ زۆربوونی بەشداریکردنی سیاسی، پارامێتری ڕیسک دەتوانێ لە کۆمەڵگای ڕیفلێکسیڤیتیدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت. کاتێ تاک هەست بکات بەشداری نەکردن ڕیسکێکی گەورەیە و هەروەشە لە بەرژەوەندییەکانی دەکات ئەوا بە شێوەیەکی جیددی سیستەم دەباتە ژێر پرسیارەوە و لە هەڵبژاردنەکاندا دەوری خۆی باشتر پێشان دەدات. هەڵبەت پرسی

بەرژەوەندی وەک هەڵبژاردنی سیاسی بابەتێکە کە تاکی مۆدێرن خۆی سەرپشکە لە دیاریکردنیدا، بۆ نموونە سەقامگرتوویی سیستەمی دێموکراتیک و دەوڵەوتی خۆشبژێوی، دەرفەتێکی گرنگە بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی تاک دەستەبەر بکات و سروشتییە کە تاک بەرژەوەندیی خۆی بە سەقامگرتوویی ئەو سیستەمانەوە گرێ بداتەوە. ئەگەر هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی فەرانسە لە ساڵی ٢٠١٥دا وەک نموونە بێنینەوە دەبینین کە ترس لە بەهێزبوونی باڵی دەستەراست، هاووڵاتییانی فەرانسەی هان دا کە بۆ رێگرتن لە دەسەڵاتی باڵی راستە کۆنسێرڤاتیڤەکان بە رێژەیەکی بەرچاو بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرانسەریدا بکەن.

## ٢ زەمینەی ڕکوود لە دامەزراوەی سیاسیدا

دەسەڵات لە هەر کۆمەڵگایەکدا کۆمەڵێ بەرژەوەندیی هاودژ بەرهەم دەهێنێ کە لە درێژخایەندا دەبنە هۆی سازبوونی مەودای کۆمەڵایەتی. ئەگەر بەرژەوەندیی ئەم کەلێنە کۆمەڵایەتییانە بە شێوەیەکی چالاک و شەفاف دەرکەون، ئەوا زەرورەتی دامەزرانی دامەزراوەی سیاسی یاخۆ بزاڤی کۆمەڵایەتییش دێتە ئاراوە. مەبەست لە کەلێنی کۆمەڵایەتی ئەو هاودژانە دەگرێتەوە کە بەهۆی بەرژەوەندیی چینایەتی؛ بۆ نموونە بەرژەوەندیی خاوەن کار و خاوەن سەرمایە، بەرژەوەندیی دەسەڵات؛ بۆنموونە شەڕی دین و دامەزراوە سێکۆلارەکان، بەرژەوەندیی کولتوریی؛ بۆ نموونە ناکۆکیی نێوان نەریت و مۆدێرنیتە و هەروەها بەرژەوەندیی هێژمۆنیک؛ بۆ نموونە مافی نەتەوایەتی، دێنە ئاراوە. لە وەها دۆخێکدا زەرورەتی دامەزراوەی سیاسی یاخۆ بزاڤی کۆمەڵایەتی، ڕێکخستن و بەمانیفێست کردنی

ئەو کەلێنە کۆمەڵایەتییانەیە (Rukan ١٩٧٠). ئەم ڕەوتە لە ئەنجامدا دامەزراوە سیاسییەکان بەسەر دوو بەرەی دژبەیەکدا دابەش دەکات و لە وەها دۆخێکدایە کە ئێمە باس لە چالاکیی سیاسی یاخۆ ڕکوودی سیاسی دەکەین. ئەم پێناسەیە لەراستیدا شرۆڤەیەکی کۆمەڵناسانە لەمەڕ چۆنایەتیی دامەزرانی دامەزراوەی سیاسی و هۆکاری سەرهەڵدانی بزاڤی کۆمەڵایەتی بوو کە من زۆر بە کورتکراوەیی ئاماژەم پێ دا. بە پێی ئەم بۆچوونە، دامەزراوەی سیاسی لەراستیدا بەرهەمی هاودژیی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە و هەروەها بەرهەمی ئیستەعدادی ئەو کۆمەڵگایانەیە کە دامەزراوە سیاسییەکانی تێدا دادەمەزرێن. کەواتە کاتێ باس لە ڕکوود لە دامەزراوەی سیاسیدا دەکەین، پێویستە ژینگەی کۆمەڵایەتیی ئەو دامەزراوانەش لەبەرچاو بگرین و بزانین کە داخوا ئەو دامەزراوە سیاسییەی ئێمە مەبەستمانە لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆریتی دامەزراوە یاخۆ ڕیفلێکسیڤ.

هومایون کاتووزیان لە کتێبی "ایران، جامعە کوتاە مدت" (١٣٩٠) شرۆڤەیەکی سترۆکتۆرالیستیی هەیە لەمەڕ جیاوازییەکانی کۆمەڵگای ئێران و ئۆرووپا. ئەم کتێبە ئێمە لەگەڵ تیۆرییەکی نوێدا ئاشنا دەکا بە ناوی "کۆمەڵگای درێژخایەن و کۆمەڵگای کورتخایەن". کاتووزیان باس لە سێ فاکتۆری گرنگ بۆ پێناسەکردنی کۆمەڵگای کورتخایەن دەکا کە من بەشێوەیەکی شرۆڤەیی و زۆر بە کورتی لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەم.

١- گرفتی مەشرووعییەت و جێگرەوە: لە مێژووی سیاسیی ئێراندا کاتێ کەسێک بە ڕێگای توندوتیژی یاخۆ بە هۆی هێزی سەرمایە بە دەسەڵات گەیشتووە، پێگەی سیاسی و مەعنەویی ئەو کەسە بەرادەیەک بەرز نرخاوە کە هێندێک جار وەک

خەلیفەی خـــوا و تەنانەت وەک سـێبەری خـــوا ناوزەدیـــان کـــردووە. تەقدیس‌کردنی کەســـایەتی لە پرۆژەی حکوومیدا هەمیشـــە گرفتی بـــۆ دیاریکردنی جێگری ئەو کەســـە و هەروەهـــا بەردەوامبوونی پرۆژەی سیاســـی یاخۆ درێژماوەبوونی سیســـتەمی بەڕێوەبەریی ئـــەو حکوومەتەش ناوەتەوە. بـــۆ نموونە کاتێ پاشـــا یاخۆ ڕێبەری سیســـتەمی سیاســـی لـــە ژیانـــدا نامێنـــێ، کێشـــەی جێگرەوە بەرادەیـــەک گـــەورە دەبێتەوە کـــە دەبێتە هۆی ڕەشـــەکووژی لەنێـــوان وەزیر و گزیر و ئیلیتی حکوومیدا و لـــە ئەنجامدا حکوومەت بەرەو لاوازی دەچێت تا کەســـێکی دی پەیدا ببێت و لە ڕێـــگای توندوتیژییەوە کۆتایی بەو دەسەڵاتە بێنێت و ســـەرلەنوێ سیستەمێکی نـــوێ لەســـەر وێرانـــەی دەســـەڵاتی کۆن دادەمەزرێنێتـــەوە (کاتووزیان ١٣٩٠).

**٢-** نەبوونـــی بایەخـــی ماڵـــی و گیانی: نرخ و بایەخی ســـەرمایەی تایبـــەت و هەروەها ئێلیتی سیاســـی و کولتوری لـــە کۆمەڵگای درێژخایەنـــدا زۆر بـــەرز دەنرخێـــت، چونکە کەڵەکەبـــوون و تەناهیی ســـەرمایە نەک هەر ژێرخانی ئابووریـــی وڵات بەهێزدەکات بەڵکوو دەبێتـــە هـــۆی بەردەوامبوونی پرۆســـەی گەشەســـەندوویی لـــە بواری کولتـــووری و سیاسییشـــدا. هەڵبـــەت ئیلیتی سیاســـی و کولتورییـــش ســـەرمایەیەکی مەعنەویـــی گرنگن کە لە پرۆســـەی گەشەســـەندوویی و دامەزراوەبوونی سیستەمدا دەوری کاریگەریان هەیـــە. لـــە کۆمەڵـــگای کورتخایەنـــدا ئەم نرخاندنـــە نـــەک لە ئـــارادا نییـــە بەڵکوو بەشـــێوەیەکی سەرســـوڕهێنەر وەبەر غەزەبی دەســـەڵاتداران دەکەوێـــت. بـــۆ نموونە لە ئاڵوگـــۆڕی دەســـەڵاتدا یاخـــۆ لـــە ماوەی دەســـەڵاتی پاشـــا یا ڕێبەری سیســـتەمی سیاســـیدا، زۆر کەس لە خاوەن سەرمایەکان بـــەر غەزەبـــی دەســـەڵات کەوتـــوون و دەستیان بەســـەر ماڵ و ســـامانیاندا گرتووە و دواتر ئـــەو ســـەرمایەیە بەســـەر خاوەن دەســـەڵات و بازنـــەی نزیک لە دەســـەڵاتدا دابەش کـــراوە. هەروەها ئیلیتی سیاســـی و کولتووری بـــە حوکمی ناڕەوا و بە شـــێوەی ســـەلیقەیی ڕەشـــەکوژ کراون، بـــۆ نموونە قەتڵـــە زەنجیرەییـــەکان لە ئێـــران، تیرۆری کەسایەتییە سیاســـییەکان لە دەرەوەی وڵات، حوکمی ئیعـــدام یاخۆ زیندانـــی درێژماوە بۆ ڕەخنەگران و هتـــد (ibid).

**٣-** گرفتـــی کەڵەکەیی[5] و گەشەســـەندوویی: چەمکـــی کەڵەکەیـــی یاخۆ ئاکومولاســـیۆن بـــە پێچەوانـــەی ڕوانگـــەی کلاســـیکیی مارکسیســـزم، ئەمـــڕۆ لە زانســـتی ئابووریدا گرنگیـــی تایبەتی پـــێ دەدرێ. مەبەســـت لە کەڵەکەیی لـــە ڕاســـتیدا هەموارکردن و دەســـتەبەرکردنی مافی ســـەرمایەگوزارییە لـــە وڵاتـــدا. هەڵبـــەت خاڵی ســـێهەم واتە کەڵەکەیی و گەشەســـەندوویی پەیوەندیی بە خاڵی دووهەمـــەوە هەیە کە باســـمان کرد. بـــە هۆی نەبوونـــی تەناهیی ماڵـــی و گیانی لـــەو وڵاتانەی کە بە کۆمەڵـــگای کورتخایەن پێناســـە دەکرێن، خـــاوەن ســـەرمایەکان ئەنگیـــزەی ســـەرمایەگوزاری لـــە نێوخۆی وڵاتیـــان نامێنـــێ و لە ئەنجامدا سیاســـەتی گەشەسەندوویش شکســـت دەهێنێ (ibid). بە پێـــی ئـــەو فاکتۆرانـــە کـــە کاتووزیان ئاماژەیان پێ دەدات ئێمـــە لینکێک لە نێوان کۆمەڵگای ئەوتۆریتی و کۆمەڵگای کورتخایەن و هەروەهـــا کۆمەڵـــگای ڕیفلێکســـیڤیتی و کومەڵـــگای درێژخایەنـــدا دەبینینـــەوە. لە هـــەردوو پێکهاتەکەدا ترســـی دامەزرێنەکراو ڕۆڵـــی کاریگـــەری هەیە، وەها کە پرســـی ئـــازادی وەک تراوما و هۆکارێک بۆ بشـــێوی دێتە ئەژمـــار و لە کۆتاییدا پەنـــا بۆ قارەمان، فەرمانڕەوایەکی ئـــازا و ڕێبەرێکـــی کاریزما دەبەنـــەوە بەڵکـــوو لـــە هۆکارەکانی ترس ڕزگاریـــان بـــکات. هەڵبـــەت کاتووزیان لە نێوەرۆکی باســـەکەیدا کۆمەڵگای کورتخایەن

وەک "خانە کلنگی" پێناسە دەکات و مەبەست لەم وتەزایە لە ڕاستیدا نەریت و وەسواسی ئێرانییەکان دەگەیەنێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەی کۆن دا. بۆ نموونە لە کاتی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرەدا کاتێ کڕیار باس لە "کلنگی" بوونی بینایەک دەکات، مەبەست لەم وتەزایە ئەوەیە کە خانووەکە بۆ ڕووخاندن و سەرلەنوێ بینا کردنەوە دەشێت، لە حاڵێکا ڕەنگە ماوەی بیست یاخۆ سی ساڵ بەسەر سازکردنی ئەو بنیایەدا تێنەپەڕیبێ. لە ئۆرووپا تەمەنی خانووەکان نزیک بە سەد ساڵە و خانوو ڕووخاندن و بیناکردنەوە زۆر بەدەگمەن لە پڕۆژەی میعماریی شارسازیدا لەبەرچاو دەگیرێ، چونکە سیاسەتی نۆژەنکردنەوە هەمیشە لە ئەولەویەتدایە (ibid). وەها دیاردەیەک ڕەگی لە تێگەیشتنی کۆمەڵگای کورتخایەن لە دیاردەی نەریتدایە و دوای مۆدێرنیزەکردن، خولیا و خەونەکانی نەریت لە ملیان نابێتەوە و لە دۆخ و فۆرمێکی نوێدا بەرهەمی دەهێننەوە. وەک ڕۆمانەکەی شێرزاد حەسەن: «حەسار و سەگەکانی باوکم» (١٩٩٦)، کاتێ براکەیان باوکە سەرەڕۆکەیان دەکوژێت، خوشکە خەساو و چەوساوەکانی بەگژ براکەیاندا دەچنەوە و شیوەن بۆ مەرگی باوکیان دەکەن.

ئەگەر بمانەوێ تیۆری کۆمەڵگای کورتخایەن لە چەند وشەدا فۆرموولە بکەین بەم ئاکامە دەگەین کە لە سەر کۆمەڵگایەک قسە دەکەین کە لە ژێر سریمەی "سیکلی ئانۆمی - دیسپۆتیزم"دایە.




واتە: دامەزراوەی سیاسی لە ئێران، لە ڕوانگەی ستروکتۆرالیستیی کاتووزیانەوە بەرهەمی، بازنەیەک پێک دەهێنێت کە لە شێواوییەوە بەرەو ئیستبداد و لە ئیستبدادەوە بەرەو شێواوی دەچێت. لە کاتی شێواوی یاخۆ پاشاگەردانیدا جموجۆڵی سیاسی و دامەزرانی تاقم و گرووپ و حیزبی سیاسی بە شێوەیەکی بەربڵاو لە کۆمەڵگای کورتخایەندا دەردەکەون و پەرەدەستێنن. کاتێ باڵ یاخۆ حیزبێکی سیاسی لە ململانێی دەسەڵاتدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، بە شێوەی توندوتیژانە سەرکوتی لایەنەکانی دیکە دەکات و لە مەیدان بەدەریان دەکات. بەڵام "فەتحعەلی موقەدەم" بە پێچەوانەی شرۆڤەی ستروکتۆرالیستیی کاتووزیان لەمەڕ دیاردەی ئیستبداد، ڕەگی ئەم دیاردەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ سایکۆلۆژیی کۆمەڵایەتیی ئێرانییەکان کە پەیوەندیی بە مەعریفە و ڕەفتاری ئێرانییەکانەوە هەیە. ئەو پێی وایە ڕێبەر، فەرمانڕەوا و قارەمان کە دەگەنە دەسەڵات، فۆرمێکی پلاستیکییان هەیە و هێندەش بەردینە نین. ئەو شتەی سەرکردەکان بەرەو ئیستبداد پاڵ پێوە دەنێت، ستروکتۆر نییە بەڵکوو هەڵسوکەوتی کۆمەڵگایە کە هەر دەسەڵاتێک دابمەزرێت ئەگەر بە تامی ئیستبداد و سەرەڕۆیی نەبێت، هەست بە تەناهی و سەقامگرتوویی ناکەن (Moghaddam ٢٠٢٢). سەرەڕای بۆچوونی سایکۆلۆژیکاڵی موقەدەم بۆ دیاردەی ئینقلاب و سەرەڕۆیی، نابێ لە بیرمان بچێتەوە کە یەکێک لە بەرچاوترین هێماکانی چالاکیی سیاسی و ڕکوودی سیاسی لە وەها کۆمەڵگایەکدا دیسان لە بابەت خانەی سیکلی "ئانۆمی/ دیسپۆتیزمدا" بەرهەم دێتەوە کە لە سەرەوە باسمان لێ کرد. حیزب یاخۆ دامەزراوەی سیاسی پرۆژەیەکی درێژخایەنە و کاراییەکەی لە بەردوامبوون و تەمەندرێژیی

ئەو دامەزراوەیەدا دەردەکەوێت. لە کۆمەڵگایەکدا کە دیاردەکانی کورتخایەن بن، سروشتییە مەجالی بەردەوامبوونی کاری سیاسییش کورتخایەن دەبێت.

## ڕکوود، دانان و چارەسەری

تا ئێرە باسمان لە زەمینە و بەستێنەکانی ڕکوودی سیاسی کرد، واتە باسمان لەو دۆخانە کرد کە ئەگەری ڕکوودی سیاسییان تێدا بەهێز دەبێت، بەڵام هۆکاری ڕکوودی سیاسی بابەتێکی دیکەیە کە ئێمە بۆ شرۆڤەکردن و دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی، پێویستمان بە مێتۆدی لێکۆڵینەوە هەیە. ڕەنگە لە قسە و باسی ڕۆژانە یاخۆ لە هێندێ لێدوانی ژوورنالیدا باس لە ڕکوودی سیاسیی حیزب یاخۆ جووڵانەوەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە و کۆمەڵێک نیشانە و تێرم بۆ سەلماندنی ڕکوود ڕیز بکرێن، بۆ نموونە: کەمپنشینی، لە ڕۆژەڤدا نەمان، کلاسیک بوون، بێجووڵەیی، لاوازیی گوتار، شکستی تاکتیکی، کلوبی ڕۆشنبیری، حیزبی لۆکس و زۆر شتی دیکە کە ئێمە دەتوانین بەم زەنجیرە هۆکارانەوە زیادیان بکەین. بەڵام هیچکام لەم خاڵانە لە باری زانستییەوە ناتوانن ڤاریابلێکی گونجاو و باوەڕپێکراو بن. بۆ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ئێمە هەم پێویستامان بە دیزاینێک هەیە کە هۆکاری ڕاستەوخۆ و هۆکارە ناڕاستەوخۆکانی پرسیارەکە فورموولە بکا، هەم پێویستمان بە تیۆر و سیگنیفیکانت بوون هەیە، واتە سەلماندنی ڕەوایی بوونی تیۆر و دیزاینی لێکۆڵینەوەکە.

لە زانستی پزیشکیدا باوە کە یەکێک لە مەرجەکانی چارەسەری نەخۆشی ئەوەیە نەخۆشەکە باوەڕ بەوە بکات کە نەخۆشە، ئەوجار هەوڵ بۆ کاری پشکنینی نەخۆشییەکە دەدرێت و دواجار پرۆسەی دەرمانکردنی نەخۆشییەکە دەست پێ دەکات. ئەم مۆدێلە باس لە سێ قۆناغ دەکا: یەکەم دانان بە نەخۆشییە، دووهەم پشکنین و لێکۆڵینەوەیە و سێهەم چارەسەرییە. کاتێ بمانەوەێ باس لە هۆکاری ڕکوودی سیاسی بکەین لە ڕاستیدا پێویستیمان بەم مودێلەیە، واتە دانان بە ڕکوودی سیاسی کە پێویستی بە واقعگەراییەکی سیاسی هەیە، دواتر لێکۆڵینەوە بۆ هۆکارەکانی ڕکوود کە پیویستی بە تیۆر و مێتۆد هەیە و دواجار پرۆسەی چارەسەرییە کە پێویستی بە ئیرادە هەیە و حەتمەن بە پرۆژەی "تاقیکاری- هەڵە" دا تێدەپەڕێ بەڵکوو بگاتە چارەسەری.

١- دانان: لەم وتارەدا باسێکی چەمکناسیمان لە بەشی تێرمینۆلۆژیدا کرد و چەند خاڵمان وەک پێناسە بۆ ڕکوودی سیاسی باس کرد. لێرەوە ئێمە ڤاریابلێکی دی بە چەمکناسیی ڕکوودی سیاسییەوە زیاد دەکەین بە ناوی "وڵام نەدانەوە". مەبەست لە "وڵام نەدانەوە" ئەوەیە کە بۆ نموونە ڕێکخراوێکی بازرگانی یاخۆ حیزبێکی سیاسی، مێتۆدێک پەسند دەکات بۆ بردنەپێشی ئامانجی ڕێکخراوەکەی و، ئەم مێتۆدە لە پرۆسەی تاقیکاریدا چەندجار وڵام ناداتەوە. ئێستا ئەگەر بۆ سەرخستنی هەمان مێتۆد سوود لە باشترین تیۆر و پێشکەوتووترین تێکنۆلۆژییش وەربگرین، لە ڕاستیدا مێتۆدێک دەبەینە پێش کە لە بنەڕەتدا هەڵەیە. لە وەها دۆخێکدا ئەم پرۆسەیە دوو خاڵ دەپێکێت: یا پرۆژەکە دیسان وڵام ناداتەوە کە لە کۆمەڵناسیدا بەم ڕەوتە دەڵێن هەڵەی سیستەماتیک، یاخۆ گرفتاری ئاکسیۆماتیزە بوون دەبێ (واتە پێمان وابێ کە درگا تاقە ڕێگای چوونەژوورەوەیە، لە کاتێکا دەشێ زۆر ڕێگای دیکە لە ئارادا بێ بۆ چوونەژوور). یەکێک لە تراژیدییەکانی هەڵەی سیستەماتیک ئەوەیە کە لە ڕێگای پرۆپاگاندا و بانگەشەی

عاتیفییەوە، مێتۆدە هەڵەکە بەسەر عەرزی واقعدا بسەپێنێ کە لە ئەنجامدا دوو هۆی لێ دەبێتەوە: لە یەکەم حاڵەتدا ناچار دەبێ بکەویتە حاڵەتی بەرگریکردن لە مێتۆدە هەڵەکە و درگا لەسەر بەحسی "دەروون پارادایمی" دابخات و، دووهەم حاڵەت ئەوەیە کە لەهەمبەر ڕەخنەگرتندا حەساس بێت و توندوتیژی بنوێنێت. ئەم دۆخە نەک هەر زۆرترین تێچووی بۆ دامەزراوە بازرگانی و سیاسییەکان هەبووە بەڵکوو سیستەم لە ڕکوودەوە بەرەو قەیران پەلکێش دەکات. کەواتە کاتێ سیستەم ولام ناداتەوە عەقلانیترین کار داننان بە هەڵەبوون و ناکاراییی مێتۆدەکەیە.

٢- لێکدانەوە و پشکنین: مرۆڤی سەدەی بیست و یەکەم لە سەردەمێکی زۆر ئاڵۆزدا دەژیت. ئاڵۆزیی (پیچیدگی) هۆکارێکی دیاریکەرە بۆ گشت دیاردە سروشتییەکان و هەروەها ئەو دیاردانەی بەدەستی مرۆڤ بەرهەم دێن. کەواتە چەمک و ئاماژەکانی ئاڵۆزی دەشێ هەم لە نێو ڕێکخراوەدا هەست پێ بکرێن و هەم لەو ژینگەیەدا کە ڕێکخراوەکەی تێدا دامەزراوە. پێشتر و لە سەدەی ڕابردوودا "یاسای نیوتۆن" بەسەر گشت بوارەکانی زانست و تەنانەت سیاسەتیشدا زاڵ بوو. نیوتۆنیستەکان پێیان وابوو جیهان لە کۆمەڵێ سیستەمی ڕاست و تەکووز پێکهاتووە کە بە پێی یاسا جەبرییەکانی سروشت، لە جووڵەدایە و ئێمە دەتوانین پێشبینییان بکەین. ئەم مۆدێلە وا دەردەخات کە مەعلوولەکان بە شێوەیەکی هێڵ- ئاساییانە دەرەنجامی هۆکارێکی تایبەتن. بەڵام زانستی ئەمڕۆ باس لەوە دەکات کە جیهان لە کۆمەڵێ سیستەم پێک هاتووە کە لە "هیچەوە" دروست دەبێت، بەشێوەیەکی داهێنەرانە کار دەکات و هەروەها دەرکەوتەکانی ئەم دۆخە مەجالی پێشبینیکردن بە کەس نادەن چونکە بە هەڵکەوت (تصادفی) سەر هەڵدێنن. هەڵبەت لەم پارادایمە نوێیەشدا یاسایەکی دێتەرمینیستی (جبری) لە ئارادیە، واتە پێمان دەڵێ کە سیستەمەکان لەم پارادایمەدا پێڕەوی لە سیکلێکی بەردەوام دەکەن کە لە بێنەزمییەوە بەرەو نەزم و لە نەزمەوە بەرەو بێنەزمی دەچن، ئەم بۆچوونە بە تیۆریی ئاڵۆزیی[۶] ناوزەد کراوە. هەر لەم پەیوەندییەدا تیۆرییەکی دیکە بە ناوی تیۆریی بێنەزمیی[۷] هاتۆتە نێو دونیای زانستەوە کە ئێمە بەرەو پارادایمێکی نوێ پاڵ پێوەدەنێت، هەڵبەت ئەم تیۆرە زۆر خاڵی هاوبەشی لەگەڵ تیۆریی ئاڵۆزییشدا هەیە. پرۆفسۆر کاترین هێلز (١٩٩٠) لە شرۆڤەکردنی تیۆریی بێنەزمیدا دەڵێ: بێنەزمی و ئاڵۆزی شێوازێکە لە بێنەزمییەکی بەنەزم[۸] یاخۆ نەزم لە بێ نەزمیدا. بۆیە بێنەزمن؛ چونکە توانای پێشبینی کردنمان نییە و، بۆیە بەنەزمن؛ چونکە برشت (قطعیت) و زەبروزەنگی تێدا بەدی دەکرێت. هەڵبەت کاتێ باس لە برشت دەکرێ مەبەست لەوەیە کە لە هەناوی بێنەزمیدا شێوازێک لە نەزم بەدی دەکرێت کە هۆکاری دەرەکیی نییە بەڵکوو بێنەزمیی لە هەناوی خۆیدا هەڵگری یاسایەکە کە ناچارە بەرەو نەزم بڕوات (Hayles ١٩٩٠). بۆ زیاتر دەرک پێ کردنی جیاوازییەکانی پارادایمی نیۆتۆنی و پارادایمی بێنەزمی لەمەر پرسی بەڕێوەبەری و ڕێکخستندا هەوڵ دەدەم لێرەدا بەراوردێکی کورت بکەم.

پارادایمی نیوتۆنی: ژینگەی کۆمەڵایەتی لە پارادایمی نیوتۆنیدا سادە و دینامیکییە و وا مەزندە دەکرا کە توانای پێشبینیکردنی گشت ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانمان هەیە. دیدێکی میکانیکیمان بۆ سیستەم و ڕێکخراوەکان هەبوو و پێمان وابوو کە یاسای "هۆکار-بەرکار" (عیللەت- مەعلوول)

بە سەر گشت دیاردەکاندا زاڵە و لەو شوێنانەدا کە یاسای عەقڵانی وڵامی بۆ هۆکارە نادیارەکان نەدەبوو، لە ڕێگای سادەکردنەوەوە شرۆڤەی دۆخەکەیان دەکرد بۆ نموونە یاسای کێش (جاذبە).
لە پارادایمی نیوتۆنیدا (لێرەدا مەبەست سیاسەتە) پرسی کارایی بە پێی بارستاییی زانیاری و ئایدیالۆژی پێناسە دەکرا و ڕێکخراوە وەک دامەزراوەی بەرهەمهێنانی ئایدیا دەناسرا، بۆیە ناوەندی بڕیاردان هەمیشە لە بازنەیەکی چەند کەسیدا چڕ دەبووەوە (سێکتاریزم) و لە ئەنجامدا ئەرکی سەرەکیی بەڕێوەبەران پاراستنی دۆخی ئارایی بوو.
پارادایمی بێنەزمی: ژینگەی کۆمەڵایەتی لە پارادایمی بێنەزمیدا ئاڵۆز و پلاستیکییە و بەم چەشنە زۆر زەحمەتە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان پێشبینی بکرێن. لەم پارادایمەدا ڕێکخراوە چیدی وەک ماشێن چاو لێ ناکرێت بەڵکوو وەک ئۆرگانێکی زیندوو سەیری دامەزراوە و ڕێکخراوەکان دەکرێت. دیاردەکان نەک بە پێی یاسای هۆکار-بەرکار بەڵکوو وەک پەیوەندییەکی ”تەعامولی“ ڕەچاو دەکرێن. لە پارادایمی بێنەزمیدا ڕێکخراوە ئاخێزگەی بەرهەمهێنانی ئایدیا نەماوە، بەڵکوو پەنا بۆ هەر چەشنە ئایدیایەک دەبات کە هۆکاری گەشەسەندوویی ڕێکخراوەکە و چالاک کردنەوەی ئۆرگانیزمە جیاوازەکانی سیستەم بێت. لێرەدا ناوەندی بڕیاردان لە چەند کەسدا چڕ نابێتەوە بەڵکوو بە پێی ”ژیریی بەکۆمەڵ“ لەسەر بڕیارەکان ساغ دەبنەوە و ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی، نەک پاراستنی دۆخی ئارایی بەڵکوو داهێنان و نوێخوازییە.
بەم چەشنە سەردەمی ئێمە، لە پارادایمی نیوتۆنی تێپەڕیوە و بەرەو پارادایمی بێنەزمی هەنگاوی ناوە، کەواتە زۆر سروشتییە کە گۆڕانێکی بنچینەیی لە هەلومەرجی سیاسی و ژینگەی کۆمەڵایەتیدا پێکهاتبێت کە حەتمەن دەرفەتی کارکردن بۆ حیزب یاخۆ بزوتنەوەیەکی سیاسی ئاڵۆزتر دەکات و لە زۆر حاڵەتدا دەبێتە هۆی ڕکوود.

۳- چارەسەری: لە سەرەتای ئەم وتارەدا باسمان لەوە کرد کە پارامێتری ”چارەسەری“ لە پەنای پارامێتری ”پرس“ و ”سەردەم“دا زۆر گرنگە و پێویستە سەرنجی تایبەتی پێ بدرێت. چارەسەری لە کولتوری ئێمەدا هەمیشە ڕەهەندێکی نەسیحەتاویی هەبووە، واتە هەر کەسێ لە جێی خۆیەوە هەڵدەستێ و وەک ڕیشسپییەکی ماقووڵ دڵسۆزی دەکات و ڕێکار و چارەسەری پێشکەشی لایەنەکان دەکات. لە ئەنجامدا کەس یاخۆ ئەو لایەنە سیاسییەی لە دۆخێکی قەیراناویدا دەژیت، هەمیشە لە هەمبەر ئەو چارەسەرییە حەکیمانەیەدا حەساستر و ئاڵۆزتر دەبێت. ئەم وتارە هەوڵ دەدا خۆی لەو دۆخە کەلتوورییە دوور ڕاگرێ و سروشتییە کە باس کردن لە چارەسەری- لەم وتارەدا - پێڕەوی لەو ڕەوتە ڕۆتینییە ناکات کە وەک ڕیشسپی ڕێکار و ڕێگاحەل ئاراستەی دۆخە قەیراناوییەکان بکات. هەڵبەت چارەسەری بە زمانی زانستییانە، پێڕەوی لە مۆدێلێک دەکا کە لە زانستدا کاری پێ دەکرێت. کەواتە ئێمە پێویستیمان بە پێناسەیەکی زانستی هەیە بۆ هەر سێ پارامێترەکان. لێرەدا هەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی فورموولەکراو چەمکی سەردەم، پرس و چارەسەری بخەمەوە بەرباس.
پارامێتری سەردەم، بە زمانێکی زۆر سادە، پەیوەندیی بە جووڵە و گۆڕانەوە هەیە. کاتێ باس لە جووڵە دەکەین مەبەستمان یەک شتە: ڕەوت و دیاردەکان بە گوزەرێکی زەمانیدا تێدەپەڕن (دەسپێک، هەنووکە، داهاتوو) و کاتێ باس لە گۆڕان دەکەین

مەبەستمان گۆڕانکاری لە چەندایەتی و چۆنایەتیی دیاردەکانە کە بەپێی زەمان دەردەکەون. مانای پارامێتری پرس بریتییە لە مەودای نێوان دۆخی ئارایی (موجود) و دۆخی ئیدەئال (مطلوب) کە ئەم مەودایە پڕە لە دیاردەی نەناسراو و هۆکاری نادیار (مجهولات و معلولات). وەک لەم پێناسەیەدا دەردەکەوێ چەمکی پرس، جیاوازیی هەیە لەگەڵ گرفتدا چونکە گرفت باس لە کۆمەڵێ دۆخی نائیدەئال دەکات کە بەهۆی یەک یاخۆ چەند دانە پرس دێتە ئاراوە. مەبەست لە چەمکی چارەسەری ئەوەیە کە بە پێی ئەو زانیارییانەی لەبەر دەستدا هەن، لایەنە نەناسراوەکانی پرس بدۆزینەوە و ڕێگایەکی مسۆگەر بۆ دەرچوون لە دۆخی ئاراییەوە بۆ دۆخی ئیدەئال ببینینەوە.

جێنریچ ئاڵتشوولێر (١٩۴۶) لە سەردەمی سۆڤیەتی پێشوودا، بنەمایەکی زانستییانەی بۆ "داهێنان و چارەسەری" هێنایە نێو جیهانی زانستەوە کە بە داهێنانناسیی تریز[٩] ناوی دەرکرد. تریز (TRIZ) کورتکراوەی دەستەواژەیەکی ڕووسییە و لە ئینگلیسیدا بە (Theory of Inventive Problem Solving) ناوزەد کراوە و ئەمڕۆ لە لقە جیاوازەکانی زانستدا سەرنجی پێ دەدرێت. ئەگەر بمانەوێ بە کورتی و بە زمانێکی زۆر سادە تیۆریی تریز پێناسە بکەین دەبێ بڵێین تریز شێواز یاخۆ ئالگوریتمێکە بۆ چارەسەری گرفتی داهێنان کە بە مێتۆدێکی سیستەماتیک هەوڵ بۆ دۆزینەوەی هۆکارە ناستانداردەکان دەدات و لە ئەنجامدا بە شێوەیەکی مێتۆدۆلۆژییانە چارەسەری پێشکەش دەکات (گلستان هاشمی ١٣٨١). وەک باس کرا تریز لە زۆربەی بوارەکانی زانستدا دەکار دەکرێ و من هەوڵ دەدەم مۆدێلی تریز لە پەیوەندی بە نیوەرۆکی سەرەکیی ئەم وتارە بەکار بێنم، چونکە ڕێکارەکانی تریز خۆی لە چل دانە بنەمادا دەبینێتەوە کە لەم وتارەدا ناپەرژێینە سەر گشتیان. کەواتە سوود وەرگرتن لە مۆدێلی تریز لە پەیوەندی بە ڕکوود و چارەسەری ڕکوود بە مانای ئەوەیە کە سیستەمێکی باوەڕپێکراو و زانستیمان لەبەردەستدا بێ تاکوو بە شێوەیەکی ڕێژەیی مۆدێلێکی مێتۆدۆلۆژییانە بۆ پرسی چارەسەری ببینینەوە.

چوار بنەمای سەرەکی بۆ تریز کە پێویستە بۆ پرسی داهێنان و چارەسەری ڕەچاو بکرێن بریتین لە:

١. ڕەچاوکردنی ڕەوەندی قۆناغ بە قۆناغ، واتە بۆ دیتنەوەی چارەسەری پیویستە هەنگاو لە دوای هەنگاو هەڵێنینەوە و بە شێوەیەکی سیستەماتیک گرفتەکان یاخۆ ئەو هۆکارانەی - بۆ نموونە دیاردەی ڕکوودیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە- یەک بە یەک چارەسەریان بۆ ببینرێتەوە

٢. ڕیزکردنی ڕێگاچارەکان لەلای یەک بۆ ئەوەی چارەسەرییەکی ئیدەئالتر هەڵبژێرین.

٣. چارەسەرییەکان توانای تاقیکارییان هەبێ واتە مۆدێلێکی ستاندارد بن.

۴. دەرەنجامی ئەو چارەسەرییانە وەک بنەمایەک بۆ داهێنان بەهێز بن. بەڵام لەم نێوەدا چوار سیستەمی گرینگ هەن کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بنەماکانی چارەسەرییەوە هەیە، واتە: ١- ناسینی پرس، بۆنموونە کاتێ پرسی ڕکوود دێتە ئاراوە، سەرەتا دەبێ بنەماکانی پێناسەی ڕکوود بناسین. ٢- فورمولبەندیکردنی گرفتەکان، ٣- گەڕان لە دوای ئەو ڕێکارانەی پێشتر بۆ چارەسەریی پرسێکی هاوشێوە تاقی کراونەتەوە، ۴- هەڵبژاردنی ئالگوریتمێکی گونجاو.

ئەوەی تا ئێستا باسمان کرد لە ڕاستیدا ئاڵۆزیی پرسی چارەسەری دەردەخات و لە هەمان کاتدا پێمان دەڵێت ئەگەر چارەسەری بە پێی مۆدێلێکی ستاندارد دیاری نەکرێت، نەک هەر گرفت و کێشەکان

چارەسەر ناکات بەڵکوو ئالۆزتریش دەبن. لە ڕاستیدا یەک لە هۆکارە بەهێزەکانی ڕکوودی سیاسی -لە ناو حیزب یاخۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی- پێشکەشکردنی ڕێکاری ئاماتۆرانە و هەڵەی سیستەماتیکە، کە هەم دەبێتە هۆی ئالۆزکردنی پرسی ڕکوود و هەم ڕێکخراوەکان بە ڕادەیەک حەساس دەکەن کە چاوپۆشی لە پرسیارە سەرەکییەکە، واتە ڕکوود، بکەن.

## دواوتە و کۆتایی

ئەم وتارە تایبەت بوو بە دیاردەیەکی هەنووکەیی بەناوی ڕکوودی سیاسی. وەک لە بەشی چەمکناسیدا ئاماژەمان پێ دا، هەتا ئێستاش پێناسەیەکی تۆکمە بۆ ئەم چەمکە لە ئارادا نییە. بەڵام ئێمە باش دەزانین کە ڕکوودی سیاسی هەیە، هەست پێ دەکرێ، باس دەکرێ و تەنانەت یەکتریشی پێ تۆمەتبار دەکەین. هەڵبەت ئەوەش دەزانین کە چەمکی ڕکوودی سیاسی، لەگەڵ قەیرانی سیاسی و شکستی سیاسی و هەروەها ئاشبەتاڵدا جیاوازیی هەیە. لە میانەی ئەم وتارەدا باسمان لە سێ فاکتۆری سەرەکی کرد بۆ بەستێنسازیی ڕکوودی سیاسی؛ یەکەم، زەمینەی کۆمەڵایەتی بوو، دووهەم، ستروکتۆری کۆمەڵایەتی و سێهەم، دامەزراوەی سیاسی بوو. ڕکوودی سیاسی دۆخێکی کاتییە کە هەم لە کۆمەڵگا و هەم لەنێو دامەزراوەی سیاسیدا سەر هەڵدەدات. کاتێ باس لە دۆخی کاتی دەکەین مەبەستەکەمان ڕوونە، واتە ڕکوودی سیاسی بەرهەمی قۆناغێکی مێژووییە کە گشت بنەماکانی نەزمی ئارایی و سەقامگرتوویی سیستەمەکانی تووشی ئاڵەنگاریی کردووە. کەواتە ڕکوودی سیاسی لەخۆیدا مەترسی نییە، چونکە هەر دیاردەیەکی کاتی، تا ئەو کاتەی ڕێگای چارەسەریی بۆ هەبێ، شانسی دەربازبوونیشی هەیە. بەڵام یەکێک لە مەترسییەکان بۆ سەر ڕکوودی سیاسی، بەهێزکردنی ڕەوتی ئاکسیۆماتیکە کە لەم وتارەدا هاتە بەر باس، هەروەها دان نەنان بە ڕکوود و دابەزینی ئاستی تۆلێرانسی دامەزراوە سیاسییەکانە لە هەمبەر ڕەخنەگرتندا. ئەم دۆخە نەک هەر یارمەتی بە دەربازبوون لە ڕکوود نادات بەڵکوو زەمینەی قەیران و دواتر شکستی سیاسی بۆ دامەزراوە سیاسییەکان خۆش دەکات.

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکان لە کاری دامەزراوە سیاسییەکاندا ئەوەیە کە کاتێ ڕێبەریی ئەو دامەزراوانە هەوڵ بۆ گۆڕان و چالاککردنی ڕێکخراوەکانیان دەدەن، بێ ئەوەی خۆیان هەست پێ بکەن لە بەرانبەر ئەو ڕەوتانەدا دەوەستنەوە کە دەبنە هۆی دروستکردنی هاوسەنگی لە ڕێکخراوەکەدا. واتە ڕێبەرایەتی لە کاتی بردنەپێشی بەرنامەکەیدا هەست دەکا لە شوێنێکدا گرفتێک هەیە و خێرایی کار و پلانەکانی کەم دەکاتەوە، بەڵام سەرچاوەکەی نادۆزێتەوە. لە کاری ڕێکخراوەییدا زۆر گرنگە سەرنج بەو دیاردە و ڕەوتانە بدەین کە لە بەرانبەر پرۆژەکاندا خۆڕاگری دەکەن. ئەو خۆڕاگرییە پێویستە وەک هاوسەنگ ڕەچاو بکرێن نەک ڕەقیب. ئەگەر ئەو هاوسەنگییە خۆڕاگرە، بەشێوەی نهێنی چالاکی بکات و ڕێبەرایەتیی حیزب یاخۆ سیستەمی سیاسیی وڵات بایەخی پێ نەدات، لە ڕاستیدا زەمینە بۆ ترسی دامەزرێنەکراو و لە ئەنجامدا کورتخایەنبوونی پرۆژەکان خۆش دەکات کە پێشتر لەم وتارەدا هاتە بەرباس. ڕێبەرایەتییەکی وشیار و زانا پێویستە ڕێگا بۆ خۆنواندن و چالاک کردنی ئەو هاوسەنگییە نهێنییانە بدات کە لە ترسانا و بەشێوەیەکی نهێنی خەریکە خۆڕاگری دەکەن. لە ڕاستیدا لە پرۆژەی

چالاکیی سیاسیدا، چێکردنی هاوسەنگی لەنێوان هاودژەکاندا بابەتێکی گرنگە. لەم پێناوەدا بۆ زیاتر تیشک خستنەسەر پرسی هاوسەنگی بە پێویستی دەزانم ئاماژەیەکی کورت بە ئەسڵی لوشاتیلیە لە کیمیادا بدەم کە دەشێ وەک بنەمایەک بۆ پرسی کۆمەڵایەتییش ڕەچاو بکرێ. هێنری لوئی لوشاتیلیە (١٨٥٠-١٩٣٦) ساینتیستێکی بواری کیمیا بوو لە فەڕانسە. لوشاتیلیە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە بواری کیمیادا بەم ئەنجامە گەیشت کە سیستەمێکی هاوسەنگ، هەمیشە لە بەرانبەر گۆڕانکاری و پارامێترەکانی دەوروبەریدا کاردانەوە لە خۆی پێشان دەدات و تووشی ناهاوسەنگی دەبێت. بۆ ئەوەی ئەم ناهاوسەنگییە قەرەبوو بکاتەوە، ناچارە خۆی لەگەڵ واقعیەتدا سازگار بکات و لە ئەنجامدا بەرەو هاوسەنگییەکی نوێ دەچێت. کەواتە ڕەخنە، خوێندنەوەی جیاواز و تەنانەت قەوارەی نوێی سیاسی، لە خۆیدا باس لە بوونی هاوسەنگییەکی جیاواز و سەربەخۆ دەکەن کە ئەگەر لەگەڵ دامەزراوە سیاسییەکان لە هاوپەیوەندییەکی ڕەخنەگرانە و دیمۆکراتیکدا بن، ئەوا دامەزراوەکان وێران ناکەن بەڵکوو بەرەو هاوسەنگییەکی نوێیان دەبەن. بەم چەشنە و لە کۆتایی ئەم وتارەدا بەم ئاکامە دەگەین کە: ”باشترین پێشمەرج بۆ بەرگرتن لە ڕکوودی سیاسی، کۆتایی هێنان بە ڕوانینی کۆنترۆڵ و بێمتمانەییە و هەروەها گرتنەپێشی هاوپەیوەندی لەگەڵ دیاردەی فرەهاوسەنگییە کە پارادایمی بێنەزمی وەک زەروورەتێکی سەردەمیانە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی“.

## پەراوێزەکان:

1.Political Stagnation
2.Late Modernity
3.Risk Society
4.variable
5.Accumulation
6.Complexity Theory
7.Chaos Theory
8.Olderly Disorder
9.TRIZical Creanovatology

## سەرچاوەکان:


1. Adorno W. Theodor & Horkheimer Max (1947). ”Opplysningens Dialektikk”. Oversatt av Lars Petter Storm Torjussen (2011). Spartacus.

2- Giddens, Anthony. (1997). ”Modernitetens konsekvenser”. Oslo. Pax forlag

3- Goffman, Erving (1974). ”Vårt rollespill til daglig”: en studie i hverdagslivets dramatikk, Dreyer.

4- Hayles N. Katherine (1990). “Chaos Bound: Orderly Disorder in Contemporary Literature and Science”. Ithaca: Cornell University Press, 1990.

5- Moghaddam, Fathali M. (2022). “Revolution and Psychology” in How Psychologists Failed. Cambridge University Press.

6- Rokkan S. (1970), ”Citizen, Election Political Parties”, Approaches to the Comparative Study of the Processes of Development . Antologi av artikler (med Angus Campbell, Per Torsvik og Henry Valen). Oslo, 1970.

7- Beck Ulrich (1999). ” World Risk Society”, Polity Press 1999.


## سەرچاوە فارسییەکان:


١- کاتوزیان، محمد علی همایون (١٣٩٠). ”ایران، جامعە کوتاه مدت“. ترجمه عبدالله کوثری. نشر نی.

٢- گلستان هاشمی، سید مهدی (١٣٨١). ”سیستم حل مسئله ابداعی و خلاقیت و نوآوری نظام یافته“. TRIZ مجله مدیریت (انجمن مدیریت ایران)، شماره ٥٩-٦٠ فروردین- اردیبهشت ١٣٨١.